## بۆ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە پێویستە؟

**دەستپێک:** خوێنەری هێژا، ئەم نووسینە بە واتای ڕاگەیاند یا تەواوبوونی پڕۆژە و ئەرکەکانی نییە. ئەم پڕۆژەیە هیشتا لە بەردەستدایە بۆ کارکردن لە لایەن ستافی ئامادەکارەوە. واتە هیشتا کارەکانی تەواو نەکردووە و پڕۆژەکە بە فەرمی دەستبەکار نەبووە. لە کاتی خۆیدا کە هەموو ئامادەکارییەکان کرا، ئەو کاتە بە شێوەیەکی گونجاو و شایستە ڕاگەیاندنی خۆی بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە کە ئاماژەی پێ بکەین: بۆ ئەوەیە کە بابەتەکە زیاتر بخرێتە بەردەستی ڕای گشتیی کوردستانییان، بەتایبەت خەمخۆرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوەش کە زیاتر هاندەرمان بوو لەم کاتەدا ئەو باسە بخەینە بەردەستی خوێنەران. بۆچوونی چەندین کەسایەتیی خەمخۆر و شارەزای بوارەکە بوو، بە مەبەستی ئەوەی کە سەرەداوێک یا لانی کەم تێگەیشتنێک بۆ ئەم پڕۆژە نەتەوەیییە، لە بەردەستی خەڵکدا هەبێت.

## دەوڵەت لە تاراوگە دەتوانێت چی بکات؟

بێگومان بۆ هەموو چاودێرێکی سیاسی و شیکەرەوە و لێکۆڵێنەرەکان ئاشکرایە، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان حکوومەتی سەر خاک ناو خەڵک و حکوومەتی تاراوگەنشینی هەیە. بەڵام بۆ نەتەوەیەکی نیشتمانداگیرکراو، کە لە سەر خاک و زێدەکەی دەرکرابێت، یا بۆ خۆی ملکەچی داگیرکەر نەبووبێت و بەناچاری وڵاتەکەی بەجێ هێشتبێت. دەتوانێت لەڕێگەی ڕاگەیاندنی حکوومەتەکەی لە تاراوگە ئەم مەبەست و پەیامانە بگەیەنێت.

& - لەو ڕێگەوە شەرعیەت بە کیان و دەوڵەت و مێژووی ڕاستەقینەی خەڵک و گەلەکەی لەسەر خاک و زێدی هەزارانساڵەی خۆی دەگەیەنێت.

& - داگیرکەر لەسەر خاکەکەی قبووڵ ناکات و بە هێزێکی بەزۆرهاتووی دەناسێت.

& - خۆی بە بەشێک لەو حکوومەت و دەسەڵاتە نازانێت، کە بۆ نموونە داگیرکەرانی فارسی ئێرانی، بە ویستی خۆیان و شێواندنی مێژووی ناڕاست، کوردستانیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

& - لە ڕێگەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەوە: ورە و باوەڕی خەڵک بەرز دەکرێتەوە، تۆ ئەو پەیامە بە گەلەکەت لە ناوخۆ و دەرەوەش دەگەیەنیت، تۆ هەمیشە گەلێکی جیاوازتری لەوان، هەر لە سەردەمانی دەسەڵاتی مادەوە تا کۆماری کوردستان، تۆ خاوەنی دەوڵەتی خۆت بوویت، بەڵام دوژمنان هەمیشە هەوڵیان داوە لانە و زێدەکەمان لێ بشێوێنن.

& - لەو ڕێگەوە: هەردەم ئەو دەوڵەتە بە بیری گەل و نەتەوەی خۆت دێنیتەوە، ئەو پەیامەی پێدەگەیەنیت کە مانەوە لە ژێر ستەمی داگیرکەر بە ویستی خۆمان نەبووە و نییە. واتە تۆ ئەو پەیامە بە داگیرکەر و دزی سەروەت و سامان و مێژووی گەلەکەمان دەگەیەنیت، کە ئێرانیبوون بۆ ئێمەی کورد گەورەترین شەرمە، نەک شانازی.

& - لە ئاست دیپلۆماسییەتی جیهانیشەوە، تۆ لە باتیی ئەوەی وەک تاک و حیزبی سیاسی، پەیامی گەلەکەت بگەیەنی، بە ناوی حکوومەتی تاراوگەوە پەیامەکەت باشتر دەگەیەنیت.

**بۆ هەڵبژاردنی پێناسەی دەوڵەت.**
لە هەڵبژاردنی ناوەکەی بە زمانی کوردی، (دەوڵەت) هێندێک باس و پرسیاری لێ کەوتەوە. پێناسەی دەوڵەت لەگەڵ پێناسەی حکوومەت ٢ چەمکی جیاواز، حکوومەت دەبێتە ئەو کابینەی کە لە نێوان ئەم هەڵبژاردن تا هەڵبژاردنی داهاتوو دەسەڵاتی دەوڵەت و وڵات بەڕێوە دەبات. واتە جێبەجێکارە. بەڵام وشەی دەوڵەت کە بە ئینگلزییەکەی دەبێتە (state) لە تەواوی فەرهەنگنامەکانی زانستی سیاسیدا، ئاماژە بەوە دەکات، کەو ئەوە شوێن و زێدی کۆمەڵە خەڵکێکە کە هەمیشە لەسەر ئەو خاکە ژیان و مێژووەکەیان سەری هەڵداوە. ئەو پێناسەیەش بۆ گەلی کورد بەتەواوی پێناسەیەکی یاسایی و ئاسایی و دروستە. چونکە یەکەم دەوڵەتی مادەکان لەسەر خاکی کوردستان دروست بووە، و دواتر دەسەڵاتەکەی بە زۆر و شوێن و ناوچەکانی دیکەشدا شۆڕ بووەتەوە، کەواتە ڕیشەی مێژوویی دەوڵەت و دەوڵەتداریی گەلی کورد، لە گەلی فارس و زۆربەی گەلانی دیکەی ناوچەکەش دێرینترە. بەڵام هەوڵێکی زۆر دەدرێت بە دروستکردنی سیناریۆی خەیاڵی، ئەو مێژوو و یاسایە لە سەر مافی ڕەوای گەلەکەمان بشێون و مێژووی ناوچەکە بچووک و ئاڵۆز بکەنەوە.
هەر بۆیە هەڵبژاردنی ناوی "دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لەسەر شیکاری و پێوەرێکی نەتەوەیی و زانستی بووە، بە مەبەستی ڕەدکردنەوەی هەموو ترس و گومانێکە لەنێو کۆمەڵگای کوردستان، بۆ شێواندنی مێژوو و ڕێشەی هەزاران ساڵەی گەلەکەمان لەسەر ئە خاکە، بڵاو دەکرێتەوە.

**ستراتیژیی هەنووکەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کورد لە تاراوگە:** ستراتیژی و ئەرکی هەنووکەیی ئەم دەوڵەتە بریتی دەبێت لە:

**ئا:** بەجیهانیکردنی دۆزی گەلی کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نەتەوەیەکی وڵاتداگیرکراو، لە ڕێگەی لۆبیگەری و چالاکیی چڕ و پڕی دیپلۆماسیی وەزارەتەکان، کۆکردنەوەی فایلە گرنگەکانی گشتیی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەوە.

**ب-** بەهێزکردن و یەکگرتوویی دەنگ و بیر و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بە سەربەخۆیی یەکجاری لەسەر خاک و سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**پ-** ناساندنی تەواوی شار و ناوچەکان، مێژوو، کولتوور، ئابووری و سنوور و جۆغرافیای ئەم بەشەی کوردستان، کە نزیک بە دەیان میلیۆن خەڵک و زیاد لە ١٨٠٠٠٠ سەدوهەشتاهەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەی پانتایی ئەرزییە.

**ت-** هەوڵدان بۆ ئاشتەواوی تەواو لە نێو لایەنە سیاسییەکان و کۆکردنەوەی ڕەوەندی کوردانی ڕۆژهەڵاتی تاراوگەنشین، بۆ کۆکردنەوەی هێز و توانا و ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی دەوڵەتی بەناچاری لە تاراوگە! بۆ سەر خاک و سنووری ڕەسەنمان لە کوردستان.

**ج -** دروستکردنی پێوەندیی دۆستانەی دەوڵەت و خەڵکەکەمان لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان و دروستکردنی بناغەیەکی مێژووی دۆستایەتیی ئابووری و سیاسی.

**چ -** چەندین هەنگاو ستراتیژی دیکەی بەرنامەبۆدارێژراو لە چوارچێوەی وەزارەتەکاندا.

**کارنامەی ئەم دەوڵەتە لە تاراوگەوە**

& - بەرزکردنەوەی ورەی نەتەوەیی لەنێو تاک و کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە دەرە و ناوخۆ.

& - بەستنی کۆنگرەی ئاکادیمی و زانستی و ستراتیژیی ساڵانە، بۆ نەتەوەسازی و ئامادەسازی.

& - گرێدانی کۆڕ و سیمیناری نێودەوڵەتی، لە پایتەختی وڵاتە گرنگەکان لە سەر وڵاتەکەمان.

& - خاوەنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتگیر دەبێت بۆ گەیاندنی دەنگی گەل و بیری نەتەوەیی.

& - لۆبیگەری بۆ خۆرهەڵات، واتە پەیداکردنی پشتیوان، لە تاکەوە تا ڕێکخراو و حکوومەتەکان! لە ئاست جیهاندا.

& - هەوڵدان بۆ ناساندنی زمان و کولتوور و مێژوو، سروشتی جوان و ئابووری و جۆگرافیای وڵاتمان بە جیهان.

& - پشتیوانی لە هەر جۆرە دەستکەوتێکی بەشەکانی دیکەی کوردستان، نموونەی ئێستای باشوور و خۆراوا.

& - ئامادەکردنی پێشنیاری پەروەردەیی، بۆ حکوومەتی دواڕۆژی ناو خەڵک و گەل.

& - هەوڵدان لە ڕێگەی ستافێکی شارەزای بواری یاسا، بۆ نووسینەوەی یاسایەکی سەردەم بۆ دواڕۆژ.

& - ئامارگیریی دروست و زانستی لە سەر پێکهاتەی جۆغرافیایی دانیشتووان و سەرچاوەکانی ئابووری.

& - ناساندن و ئامارگیریی گشت پێشێلکارییەکانی ئێرانی داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان.

& - یەکخستنەوەی ڕەوەندی کوردانی تاواوگەنشینی ڕۆژهەڵات، تواناکانیان بۆ ئایندەی دەوڵەت.

& - هێماسازیی نەتەوەیی و مێژوویی لە کەسایەتی و ئاسەوارەکان، وەک دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە زۆر بواردا.

& - لە ڕێگەی شارەزایانی پەروردە، ئامادەکردنی پەرتووکی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی.

& - ئامادەکردنی دراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هێمای ئێستا و پارەی خۆماڵی لە دواڕۆژدا.

& - بەکوردیکردنی هەموو دامودەزگا و شوێن و ڕێبەرێکی زانیارییەخش لە کوردستان.

& - گەیاندنی زانیاری، بۆ پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگە، بەتایبەت مافەکانی ژنان و منداڵان.

& - هەروەها چەندین پرۆژەی دیکەی ستراتیژی جۆراوجۆر بۆ دواڕۆژ.

**کێ دەتوانێت لەم پڕۆژەیە بەشداری بکات؟**
هەر کوردێکی دڵسۆز و تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە نییەتپاکی و ڕاستگۆیی خۆی لە پشتیوانی لەم پڕۆژە نەتەوەیییە دەربڕێت، دەتوانێت لە هەموو ئەرکەکانیدا، لە کادیرێکی ئاسایی ئەم دەوڵەتەوە تا وەزارەت و پۆستە باڵاکانی دیکەش بەشداری بکات. ئەڵبەت بەپێی یاسا و پرینسیپێک کە ستافی ئامادەکار بۆ بەشداریکردنی تاکەکانیان دیاریی کردووە.
پێویستە هەر تاکێک پێش ئەوەی لەم پڕۆژە شانازییەکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار بکات و بەشداری بکات و ئەرکی خۆی بەڕێوە ببات، دەبێت چاوەڕوانی ئەگەری کۆمەڵێک پێشهاتیش بکات، وەک چاوسوورکردنەوەی دوژمنانی گەلی کورد، هەڕەشە ناردنەسەر کەسوکار و زۆر ڕێگای دیکە.
بە لای دیکەشدا لەوانەیە لای هاوحیزبی و هاوبیرانیشی هەوڵی ساردکردنەوە و دوورکردنەوە لەم پڕۆژەیەدا بێتە ئاراوە. بۆیە تکامان ئەوەیە کەسانێک پێش لە بڕیاری بەشداریکردنیان، لە بیری ئەو کۆسپانە ببین، کاتێکش بوێرییان لە خۆیان پیشان دا و هاتنە ناو پڕۆژەکە، لە نیوەی ڕێگەدا بەجێمان نەهێڵن.

**کوردانی بەشەکانی دیکەی وڵات:** کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراومان، دەتوانن لە گشت بوارێکدا کە "زۆر خاڵ دەگرێتەوە" یارمەتیدەری ئەم پڕۆژەیە بن، هەروەک چۆن کوردانی ڕۆژهەڵات لە گشت بوارێکدا پشتیوان و یارمەتیدەری هەموو بەشەکان بوون. بەگشتی بەشداری لەم پڕۆژەیە بەشێک لە بوێری و ڕاستگۆیی و قازانجنەویستیی کوردە نەتەوەیییەکانی پێویستە.

**ئەگەر دەتەوێت کەسێک بیت لە بناغەی ئەم دەوڵەتدا**
تکایە ئەگەر تۆی بەڕێز: کە خاونی توانایەکی تایبەتی لە دەرەوەی وڵات و پێت خۆشە لەم پڕۆژەیە لە ڕێگەی زانستەکەتەوە، ڕۆڵێکی کاریگەرت بۆ ئەم پڕۆژەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت، لە ڕێگەی ئەو ئیمەیلەی خوارەوە CV و پێناسەی تایبەتی خۆتمان بۆ بنێرە.

**ناوەندی سەرەکیی ئەم دەوڵەتەی تاراوگە لە کۆییە؟**
لە وڵامی پرسیاری زۆر لە خەمخۆران کە ئایا ناوەندی سەرەکیی ئەم دەوڵەتەی تاراوگە لە کوێیە؟ لە وڵامدا دەڵێم لە یەکێک لە وڵاتانی ئورووپایی دەبێت، کە لە داهاتوودا ئاماژەی پێدەکرێت. دیارە ئەگەر یاساکانی خۆپاراستن لە نەخۆشیی کۆرۆنا، بڕێک ئاسان بکرێتەوە و ڕێگەی چالاکی و جموجووڵەکان بکرێنەوە، ئەوا لە پاش تەواوبوونی ئەرکەکانی ستافی ئامادەکار، بەرنامە هەیە کە لە ڕێوڕەسمێکی شایستە و گونجاودا، بە بەشداریی نوێنەرایەتیی چەندین ڕێکخراو لە وڵاتانی گرنگ دامەزراندی ئەم حکوومەتە ڕادەگەیەنرێت.

پێناسەیەک لە سەر لۆگۆ و ئاڵای تایبەت بە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



**لۆگۆ:** لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ کە ئەم پڕۆژە کەوتووەتە ڕۆژڤەوە، چەندین کەسی دڵسۆز و خەمخۆر لۆگۆیان بۆ دروست کردووین. بەڵام لە بەر ئەوەی کە پڕۆژەکە پێوەندیدارە بە ڕاوبۆچوونی گەلەکەمانەوە. لە پاش ڕاوێژێکی زۆر لەگەڵ کەسانی شارەزا لەو بوارەدا، لە کۆی گشتیدا ئەم لۆگۆیە بە لۆگۆیەکی گونجاوی سەردەمیانە پەسەندکرا. کە لەم لۆگۆیەدا هەم پێناسەیەکی مێژوویی تێدایە و هەم پێناسەیەکی سەردەمیانە، لە بوارەکانی زانستی و تەکنولۆجیادا.
**ئاڵا:** وەک ستافی ئامادەکار، هەموو لەو باوەڕەداین، کە ئەو ئاڵایەی لە ئێستادا لە باشووری کوردستان وەک ئاڵای فەرمی پەسەند کراوە، بە گوونجاوترین و باشترین جێگرتووترین ئاڵای دەزانین، کە لە ئاست زۆربەی کوردستان و جیهاندا ناسراوە. هەر لە بەر ئەو هۆکارانەش وا بڕیاردراوە کە هەر ئاڵایەک بۆ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردرێت، دەبێت لەگەڵ ئەم ئاڵای ئێستایە کە وەک ئاڵای فەرمی هەرێمی کوردستان پەسەندکراوە، زۆر لە یەک نزێک بێت.
هەر بۆیەش ئاڵاکە هەر هەمان ئاڵای کوردستانە، کە تەنیا لۆگۆی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە نێو ئاڵاکەدا دانراوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک ستافی ئامادەکاری پڕۆژەی دەوڵەت، مافی پەسەندکردنی ئاڵایەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا لە دەسەڵاتی زۆرینەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی دواڕۆژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
زۆر سوپاس بۆ تەواوی ئەو بەڕێزانەی کە لە پێناو دروستکردنی لۆگۆ و هێماتایبەتەکانەوە، زەحمەتی زۆریان لەگەڵ کێشاوین. سوپاس بۆ ئەم بەڕێزەش کە ئێستا لۆگۆکەی قبووڵ کراوە.

نووسینی: عارف باوەجانی
سەرپەرەشتیاری گشتیی پڕۆژەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە.

ناونیشانەکانی پێوەندی گرتن بە ستافی ئامادەکارەوە.

ئیمەیل.2021kurdstate@gmail.com . تویتەر State E Kurdistan (@StateEKurdista1)

گرووپی تێلەگرامی پڕۆژەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان **https://t.me/Rojhelatgov**

پەیجی فەرمی فایسبووکی

https://www.facebook.com/%D8%AF%DB%95%D9%88%DA%B5%DB%95%D8%AA%DB%8C-%DA%95%DB%86%DA%98%D9%87%DB%95%DA%B5%D8%A7%D8%AA%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-State-of-EasternKurdistan-103666107916755